کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

31-8-2007 1:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**زنجیرە درامای ژێرنووسکراو (هەڵاتنی گەورە) و سەرنجێک ... بەڵێن هیرانی**

زمان ئەو هۆکارەیە کە میللەتانی پێ لەیەك جیادەکرێتەوە مەرجی یەکەمی بوونایەتی هەر نەتەوەیەکە. لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە وڵاتان بایەخی بێ ئەندازە بە زمانەکەیان دەدەن و پێشبڕکێی زۆر لە نێوانیان بەدی دەکرێ و دەزگای گەورە گەورەیان بۆ تەرخانکردووە و بڕی بێ شومار بودجەی بۆ تەرخان دەکەن. ئەمە نەك هەر ئەو وڵاتانەی کە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز و پشت ئەستوور نین، بەڵکو ئەوانەش کە لە پلەکانی سەرەوەی هێز و دەسەڵات لە دونیادا دەژمێردرێن. بۆ نموونە بەریتانیا، ئەو وڵاتە زلهێزە کە زمانەکەی پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە جیهان، لەوانەیە ساڵانە بەقەد بودجەی وڵاتێکی جیهانی سێیەم پارە بۆ خزمەتگوزارییەکانی زمان تەرخان بکات، ئەمەش بۆ زیاتر پەرەپێدانی زمانەکە و بڵاوکردنەوەی کەلتووری وڵاتەکەیەتی کە زۆرترین قسەکەر لەجیهان بتوانن قسەی پێ بکەن.

وڵاتێکی بەهێزی وەکو فەرەنساش ئێستا لەوە ئەترسێ کە لە داهاتوودا قسەکەرانی زمانەکەی کەم ببنەوە و مەترسی بۆ سەر زمانەکەی پەیدا ببێت، ئێستا خەریکی دانانی بەرنامەی چڕ و پڕن بۆ ئەو مەبەستە. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێك گەنجانی سوید بە پێچەوانەی ئاراستەی دەسەڵات داوای ئەوە دەکەن کە زمانی ئینگلیزی جێگەی زمانەکەیان بگرێتەوە و گرفتیان بۆ حکومەت دروست کردووە.

لەمەوە دەبینین هەموو نەتەوەیەك بەشێوەیەك و بە بڕی جیاواز پەرە بە زمانەکەیان دەدەن. نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژگارێکدا کە دوژمنانی بە شێوازی جیاواز هەوڵی لە ناوبردن و قەلاچۆکردنیان داوە، زمانەکەی فاکتەرێکی گرنگی مانەوەی بووە. ئەوسا ڕۆشنبیران و نووسەران بە پێچەوانەی دەسەڵات بەدەستانی ئێستا هەمیشە لەسەنگەردا بوون و خزمەتێکی گەورەیان بە زمان کرد بە بەراورد لەگەڵ ئێستا، ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستاش زمانەکە بەخۆیەوە بینیویەتی، بناغەکەی ئەوسا دانراوە. ئێستا دەسەڵات زۆر بێ بەرنامەیە و بیر لە هەموو شتێك دەکاتەوە تەنها پەرەپێدانی زمان و دانانی ستراتیژیەتێك و پلانێکی تۆکمە بۆ داهاتووی زمانەکە نەبێت.

ئەوەی کە سەرنجی بۆ نووسینی ئەم وتارە ڕاکێشام، ڕاستییەکەی زنجیرەی درامای (هەڵاتنی گەورە) بوو کە ئێستا لە تەلەفزیۆنی نیگای ئەهلی لە هەولێر پەخش دەکرێت. ژێرنووسکردنی ئەو جۆرە دراما و فلیمانە لە ڕاستیدا خزمەتی باش بە زمانی کوردی دەکەن چی لەڕێی جێگرتنەوەی وشە ئینگلیزی و عەرەبییەکان و داتاشینی هەندێ وشەی نوێ کە وردە وردە خۆی لەسەر زمانی خەڵکی دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو وشە کوردیانەی کە ئێستا تەنها لە فەرهەنگ یا نووسینە تایبەتەکاندا دەبینرێن، نامۆبوون لەدەست دەدەن و دەبن بە وشەی ئاسایی و خەڵك بەکاری دەهێنێ.

ئەو جۆرە کارانە چونکە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و مەرامێکی نەتەوەییشی لەدواوەیە و تەنها لایەنە بازرگانییەکەی نییە، دەبێ بەشێوەیەکی تۆکمە و ڕێك و پێك و بێ کەمو کوڕی ئەنجام بدرێن. بە واتایەکی دیکە دەبێ لەژێر سەرپەرشتی یا چاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت، چونکە ئەمە سەرەتای کارەکانە و ئەگەر بە شێوەیەکی جوان و ڕێك ئەنجام نەدرێت، لەوانەیە خەڵك لە سەیرکردنی ئەو درامایانە دوور بکەوێتەوە...

ئەوەی جێگای داخە و من مەبەستمە لێرەدا بیخەمە ڕوو، ئەو ناڕێکی و هەڵە زەق و گەورانەیە کە لە یەکەم درامای ژێرنووسکراو (ئەگەر هەڵە نەبم) بەرچاو دەکەوێت... دراماکە ئێستا لە ئەلقەی پازدەمییەتی، تا ئێستا ڕستەیەکی تەواو نەهاتۆتە سەر شاشە.. لە ڕووی ڕێزمانیشەوە پڕە لە هەڵە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەرگێڕانێکی وشە بە وشە (ترجمە حرفی) زۆر ناڕێك... بەڕاستی کە خەڵك تێیناگات... ئەمە جگە لە کەموکورتی تەکنیکی... ڕستەکان لەگەڵ قسەکان نانووسرێن و پاش و پێشی تێدایە... بەجۆرێك ئەگەر یەکێك بیەوێ بە باشی تێبیگات دەبێ کەسێکی دیکە بۆی ترجمە بکاتەوە. بەڕاستی جێگای داخە... ئەوە یەکەم درامای ژێرنووسکراو بێت!! باشە کۆڕی زانیاری کوردی ئەرکیان چییە، چۆن ڕێگا ئەدەن کاری وا لە شاشە پیشان بدرێت... ئەی ئێوە برادەرانی تەلەفزیۆنی نیگا... توخوا کە سەیری دراماکە ئەکەن بێزی لی ناکەنەوە!! برا خۆ کارکردن هەر ئەوە نییە بەرهەمت هەبێ، دەبێ جۆرەکەشی باش بێ، ئەگەر مەبەستیش پارەیە، ئەوە بۆ لەسەر حیسابی زمان.. من پێتان دەڵێم ئەگەر ویژدانتان هەبێ کاری دیکەی ئاوا پیشانی خەڵکی نادەن، ئەخەر بۆیە خەڵکی خۆمان تانە لە زمانەکەی خۆی ئەدا... هۆکارەکەی ئەو جۆرە کارانەن.

دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری پێداچوونەوە بەو جۆرە کارانە بکات و لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکات... با زمانی کوردی لەبەر چاوی خەڵکی خۆمان بە پلەی کەمتر سەیر نەکرێت ... . با لەمەودوا کۆڕی زانیاری کورد ئەرکی خۆی بە چاکی ڕاپەڕێنێ، ئەگەر بەرنامەشی نییە بەلای کەم با بزانی چی دەرهەق بە زمانەکە دەکرێ!

هیوادارم حکومەتیش تۆزێ کاتی خۆی لە کاری بیناسازی و پرۆژە ئابوورییەکانی بۆ بیرکردنەوە لە چارەنووس و پەرەپێدانی ئەو زمانە تەرخان بکا کە ڕۆژانێك قەڵغانێکی پتەو بوون بەرامبەر پیلانەکانی دۆژمنی نەتەوەی کورد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.